ئورگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی
فیدائیانی کۆمۆنیست

کرێکارانی جیهان
یەکگرن !

ژمارەی
٥٥

## لەم ژمارەیەدا

ماجەراجویی ڕژیم لە ناوچەکە !
لاپەرەی ٢

لەو شوێنە کە پۆڵا دروست دەبێ..
لاپەرەی ٥

ژیاننامە و شیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێو ...
لاپەرەی ٧

دیاری کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی هەژار و چەوساوە !
لاپەرەی ٨

٥٨ هەمینساڵی کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢
لاپەرەی ٩

فتوای جیهاد و وەحشیگەری دژی گەلی کورد لە ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٥٨
لاپەرەی ٣

# کردستان

این کردستان است
این کردستان ایران است
که چنین در خون می درخشد
این آتشها که امروز در یخ فروخفته اند
این آتشهای تکه تکه شده خون
این آتشهای شانه و پیشانی و قلب
این آتشها که از بند بند کردستان زبانه می کشند
فانتوم ها را می سوزانند
تانک ها را می سوزانند
امپریالیسم و عمالش
را می سوزانند



کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

# ماجەراجویی رژیم لە ناوچەکە !

هەروا کە پێشتر رامانگەیاندە بوو پاش ماوەیێکی زۆر لە تۆپاران و بومباران کردنی ناوچە کانی سنووری کوردستانی عێراق , بەکرێگیراوانی سوپای پاسداران عەمەلیاتی زەمینی بە دژی گریلاکانی پژاکیان دەس پی کرد و شەر و پێکدادانی سەخت لە کویستانی قەندیل دەس پێکری کە لە رۆژی یەکەمی ئەم عەمەلیاتە دا دەیان کەس لە بەکرێگیراوانی کۆنە پەرەست لە لایەن گریلاکانی پژاک کوژران . هەواڵەکان سەبارەت بە توپبارانی ناوچەکانی سنووری و پێکدادان لە نێوان گریلاکانی پژاک و بە کرێگیراوانی سوپای پاسداران لە رۆژی یەکشەمە ٢٦ی پووشپەر ١٧ی ژوئیە و کەمتر لە یەک هەفتە پاش ئەوەی بلاو بووەوە کە کۆماری ئیسلامی رایگەیاندە بوو کە ئەیەوی هێرش بکاتە سەر مەقەراتی پژاک .بەرپرسێکی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە رێکەوتی ١١ی ژوئیە ٢٠ی پووشپەر وتبووی کە حکومەتی هەریم ٣٠ هەزار هکتار زەوی داوەتە پژاک .ئەم بەرپرسە نیزامیە رایگەیاند کە ناهیڵی (( تیروریستان )) بە پشتیوانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە خاکی عێراق هێلانە بکەن .ئەم بەرپرسە تەعکیدی کردەوە کە(( هێرش دەکەنە سەر تیرۆریستان )) و سەرکوتیان دەکەن . هەڵبەتە نازم دەباغ نوێنەری کوریستانی عێراق ئەم ئیدیعایانە بە درۆ خستەوە و وتی کە کۆماری ئیسلامی هیچ بەلگەیێکی بۆ سەلماندنی ئەم قسانەی نیە . کۆماری ئیسلامی لە مێژە ناوچە سنووریەکان توپباران و بومباران دەکات و زەرەرو زیانی گەیاندوتە خەڵکی غەیری نیزامی ناوچەکە و ئاوارەیان کردوون .ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە بەرپرسانی حکومەتی هەریمی کوردستانی عێراق بەکردەوە هیچ جۆرە هەلوێستێک لە بەرانبەر توپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی وەرنەگرتوون .لە ئاکامی هێرشەکانی هێزەکانی سوپای پاسداران بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عێراق و مووقاوەمەتی گریلاکانی پژاک , هێزەکانی سوپای پاسداران تووشی زەرێکی قورس بوون و راگەینەرە رەسمیەکانی رژیمیش ئیعترافیان کردووتە کوژرانی چەندین فەرماندەی گەورەی هێزەکانی سوپای پاسداران لە شەر لە گەڵ گریلاکانی پژاک . لە ئاخرین هەواڵەکانی سەبارەت بە شەر لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان , پژاک لە سایتی خۆیدا کوژرانی دەیان کەس لە هێزەکانی سوپای پاسدارانی راگەیاند . مەرکەزی راگەیاندن و بلاوکرەواکانی پژاک لە سایتی رەسمی خۆی هەوالەکانی سەبارەت بە شەر ئاوا بلاو کردەوە :لە رێکەوتی ٢٠ی جولای ٢٠١١ لە کاتژمێر ٦ی بەیانی سوپای پاسداران هەوڵی دا لە سنوور تیپەری و بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان داگیر بکات کە گریلاکانی پژاک لە بەرانبەر ئەم هێرشە مووقاوەمەتیان کرد . لەم رۆژەدا لە کۆی گشتی دا ٦ حالەتی پێکدادان لە







نێوان گریلا و سوپای پاسداران رووی دا کە تا ئێوارەی هەمان رۆژ درێژەی خایاند و سوپای پاسداران بە لە بەر چاوگرتنی ئەوەی کە لە هێرشەکانی خۆیدا لە پشتیوانی تۆپ و تانک سوودی وەردەگرت بەڵام مەجبوور بە پاشەکشە کرا .لەم شەرانە دا ٥٧ پاسدار کوژران و ژمارەیێکی دیکەیش بریندار بوون .

ئیمە ( کومیتەی کوردستانی رێکخراوی یەکیتی فیدائیانی کۆمۆنیست ) جاریکتر وێرای مەحکوم کردنی توپبارن و بومباران کردنی ناوچە سنووریەکانی کوردستان عێراق و هێرش بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مەقەراتی پژاک , گریلاکانی پژاک بە موقاومەت لە بەرانبەر داگیر کەرانی کۆنە پەرەست بانگەواز دەکەین و سەرنجی بیروڕای گشتی ناوخۆیی و دەرەوی وڵات بە پشتیوانی کردن لە مووقاوەمەتی رەوا و بەر حەقی خەڵکی ستەم لێکراوی کورد ڕادەکێشین و رایدەگەێنین کە مافی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارە نووسیان مافی موسەڵەم و رەوای ئەوانە .

# فتوای جیهاد و وەحشیگەری دژی گەلی کورد لە ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٥٨








## دایە گیان بگری لە سەر خاکم کە واشینم دەوی
## زور بگریە دایە گیان فرمیسکی خوینینم دەوی

بە دەرچوونی دەستوری « جیهادی پیرۆز » لە ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٥٨// ١٩٧٩ی زائینی ) لە لایەن خومەینی جنایەتکار ، ئەرتشی سەرکوتگەر هێرشی بەربلاوی خۆی بۆ سەر کوردستان و دەسکەوتە دیموکراتیکەکانی گەلی کورد دەستی پێ کرد . نیوەرۆی ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ کاتێک رادیوی کۆنەپەرستی لە نێوان پروپاگەندی شێتانە و شۆڤینیستی « جیهادی پیرۆزی » خومەینی دژی زەحمەتکێشانی گەلی کورد تێکەڵ بە ترس و وەحشیگەری ڕادەگەیاند ، گەورەیی بزووتنەوەی گەلی کورد و ڕاستی و دروستی خەباتێک نیشان دەدا کە ملیونەها کرێکار و زەحمەتکێش لە ریزێکی پۆلائین ، هەڵسووراوانی داهێنەری ئەو بوون . بزووتنەوەیێک کە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی دژی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی دەهاژێنێ و جەرەسی مەرگ و لە ناو چوونی ئەو لێدەدا . لەم ڕۆژەدا دواکەوتوویی داسەپاوی لاواز و پاشگەز لە پەرەساندنی خەباتی کۆمەڵایەتی خەڵک ، وەک هەموو پێشینیانی زالمی خۆی ، پیلانەکانی کۆن ومێژوویی خۆی ، کە ڕاپەرینی خەڵکی ڕێبەندانی ١٣٥٧// ١٩٧٨ی زائینی ) کۆن بوونی ئەوێ سەڵماندە بوو و لە خاک دا ناشتە بووی ، لە ژێر خاک دەر هێنا و بە دروشمی ڕزگاری مەزهەب و دین و نیشتمان ، دڵتەزین ترین شێوەکانی وەحشیگەری و دواکەوتوویی ی نیشانی خەڵک دا . کرێکاران و زەحمەتکێشان دیسان کەوتنە بەر هێرشی ژاراوی بورژوازی ، نیشتمان فرۆش و دوژمنی یەک پارچەیی خاک و وڵات ناسران و ئەرتش ئەرکی سەقامگیری ئەمن و ئاسایش بۆ سەرمایەداری و یەکگرتن و یەک بوونی کۆمەڵگای بورژوازی کە جگە لە ڕێگای سەرکوت وکوشتاری بەردەوام بە ئەنجام نەدەگەیشت ، بە ئەستووە گرت . هێرش بۆ سەر کوردستان لە هەل ومەرجێک دەستی پێکرد کە کۆمەڵانی زەحمەتکێشی گەلی کورد بە هۆی هەل و مەرجی دیموکراتیکێک کە ئاکامی ڕاپەرینی ١٣٥٧ بوو ، هەر ڕۆژ بە ئێرادەتر ، بۆ وەدی هێنانی داخوازیە ڕەواکانیان ، پەرە بە خەباتی خۆیان دەدا . ئەوان لە ئاستێکی بەربلاو هاتە بوونە ناو گۆڕەپانی سیاسەت و تێکۆشان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دەسکەوتەکانی شۆڕشی مەزنی ڕێبەندانی ١٣٥٧ . خەڵکێکی ستەم لێکراو کە تۆماری یەکێک لە فاشیستی ترین ڕێژیمەکانی سیاسی هاوچەرخ هەڵپێچا بوون ، چۆڵ کردنی گۆڕەپانی خەبات ومل کەچ بوون لە بەرانبەر ڕێژیمێکی دیکە وەک ڕێژیمی شا بۆیان قەد قبووڵ نەدەکرا .ئەم هەڵویستە بە باشی خۆی لە نارەزایەتی هەر ڕۆژەی کرێکاران ، زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێر دژی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو نیشان دەدا . کارخانە و کارگە و مەزرا ، زانکۆ و قووتابخانە ، شار و دێ هەموویان دیمەنەکانی پڕ لە جوش و خرۆشی ئەم نازەزایەتیانە بوون کە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەگرت . ئامرازەکانی ئەم نارەزایەتیە شووراکان ، بنکەکان و سەنتەرەکانی دیموکراتیکێک بوون کە کرێکاران و زەحمەتکێشان بە چالاکی لەواندا ، هەوڵ و تێکۆشان بۆ پەرەپێدانی کەش و هەوای دیموکراتیک ، زەوت کردنی زەویەکانی دەرەبەگەکان ، بەڕێوەبەری وکونترۆڵی شار و لادێکان ڕێک دەخستن . هەر جێگایێک کە خەڵک بەڕێوەبەرایەتی و جێ بە جێ کردنی کارەکان بە دەستەوەیان بوایە دواکەوتوویی زەبرێکی کوشندەی لێ دەکەوت و بۆیە ، دواکەوتوویی لە مەترسی بە هێز بوونی کۆمەڵانی خەڵک و بۆ سەرکوتی ئەم خەباتە بەربلاوە ، دەستی دایە نوژەن کردنی ئورگانەکانی سەربازی وەک زەرورترین کار بۆ پاراستنی بوونی لاوازی خۆی و لە ژێر زەختی شەپۆلەکانی شۆڕش بە خێرایی هەموو پەردەکانی درۆ و فریوکاری خۆی هەڵدایەوە و بە ڕاگەیاندنی هێرشی سەربازی و قەتل وعامی زەحمەتکێشان ، سیستەمی زەبر لێ کەوتوو و لاوازی دام و دەزگای بوروکراتیک ، نیزامی خۆی بەرەو ڕێکخستن و نوژەن کردن برد . دەسەڵاتی دژی شۆڕش مەجبوور بوو لە بەرانبەر ریزەکانی شۆڕش خۆی و هێزی خۆی کۆ بکاتەوە و ڕێکی بخات . بۆیە لە دووهەمین مانگی پاش سەرکەوتنی ڕاپەرین ، شۆڕش یەکەم جار لە سنە و پاشان لە تورکمەن سەحرا بووە ئامانجی هێرشی حاکیمانی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو . لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی ( ١٩٧٩ی زائینی ) بزووتنەوەی خەڵکی عەرەب لە هەل و مەرجی نەبوونی ڕێبەرایەتێکی ڕێک خراو و شۆڕشگێر ، لە لایەن بەکرێگیراوانی دواکەوتوویی بە شێوەیێکی وەحشیانە و لە ناو خوێنی کرێکاران و زحمە تکێشانی عەرەب دا خنکا . دژی شۆڕش سەرخۆش و هار لەم سەرکەوتنە کاتیە کەوتە تەمای سەرکوت کردنی یەکجاری بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستان . بەڵام هەل و مەرجی تایبەتی کوردستان ، مێژووی دوور و درێژی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک لەم ناوچەیە ، ئاستی بزووتنەوە ، بەربلاوی و ڕادەی ڕێکخستنی زەحمەتکێشانی بەشدار لەم بزووتنەوەیە ، ئەو هۆکارانە بوون کە بەر بە هێرشی بەربلاوی دواکەوتوویی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی گرت . بە دەرچوونی فتوای « جیهاد » لە لایەن خومەینی ، ئەرتش واتە دەزگای سەرکوت و بە زەنجیر کێشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ، کە لە مەودای ڕاپەرین تێک و پێک درابوو ، گیانێکی تازەی گرت و بە پاڵ دان بە خورافەکانی مەزهەبی کۆمەڵانی خەڵک ، سەرەرای بوونی نارەزایەتی بەربلاو لە نێوان سەربازەکان و پورسێنێلی شۆڕشگێر ، سنە و کرماشان و شوێنەکانی

تری پاوەی دایە بەر هێرش . لە هەمان رۆژدا ئەرتشیەکانی جێگیر لە پێگەی سەربازی سنە بە هاتووچوو لە ناو شاری سنە دەستیان دایە نیشاندانی هێز و توانای خۆیان بە مەبەستی خوڵقاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن . رۆژی ٢٩ی گەلاوێژ کاروانێکی سەربازی بریتی لە تانک و تۆپ و جۆرەکانیتری چەکی قورس بەرەو شاری سەقز بە رێ کەوت و رێگای خۆی بە تێک شکاندنی بەرگری حەماسی کۆمەڵانی خەڵک کە بە چەکی سووک و تەنانەت کۆن هاتبوونە شەڕی تانەکان و چەکە پێشکەوتووەکانی ئەوان , کردەوە . هاوکات شاری سەقز لە لایەن فرۆکە شەڕ کەرەکانی جۆری فانتۆم و تۆپی قورس بومباران کرا . ئەرتش پاش سێ رۆژ بە تێک شکاندنی بەرگری قارمانانەی کۆمەڵانی خەڵک شاری سەقزی داگیر کرد . پاش داگیرکردنی شارەکانی پاوە , سنەو سەقز لە لایەن ئەرتش و سوپای پاسداران , سەرکردەکانی رێژیم کە بە تەمای سەرکوتی یەکجاری بزووتنەوەی مەزنی گشتی بوون , بۆ قایم کردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی دژی شۆرشی خۆیان , دەستیان دایە ئیعدام و تیروری شۆرشگێران و زەحمەتکێشان لە ئاستێکی بەربلاو . بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم مەبەستە خەلخالی ناشیرین ترین کەسی تیرور و رەشەکوژی هاتە کوردستان و سنوورەکانی تازەی لە خوێن مژی و جنایەت تێپەر کرد . دادگاکانی سەحرایی خەلخالی , کە ئێستا لە بەرەی ریفورم خوازان ئیدیعای ئازادیخوازی ئەو و هاوکارانی گوێی خەڵکی کەڕکردووە , نموونەیێک لەو شتە بوو کە لە دوایی دا لە هەموو جێگای ئێران , جێ بە جێ دەکرا . لە دوو رۆژی یەکەمی بە رێ خستنی دادگاکانی بە شێوەی سەدەی ناوەراستی خەلخالی , زۆرتر لە ٤٠ کەس لە شۆرشگێرانی گیان فیدای ولاتەکەمان درانە بەر دەستەکانی ئیعدام . لە نێوان ئەم خەباتگێرانە دەتوانین لە هاوڕیانی شەهیدی فیدایی , یوسف کەش زادە , جەمیل یەخچالی , ئەحسەن ناهید , شەهریار ناهید , هورموز گورجی بەیانی و دوکتور رەشوەند سەرداری ناو ببەین کە تاکو فیداکردنی گیانیان سوور بوون لە سەر راستی و دروستی رەوا بوونی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد و لە بەر خاتری دیفاع کردن لە ئارمانجەکانی شۆرشگێرانەی ئەم بزووتنەوەیە گوللە باران کران . خەلخالی و دەزگای بڕیار دەری کۆماری ئیسلامی , بێ شەرمی خۆیان تا ئەو رادەیە گەیاندن کە ئەحسەن ناهیەیان لە کاتێک کە لاقی بریندار بوو لە سەر برانکارد گوللە باران کرد . رێژیم ماسک لە رووخساری فریو و درۆ و دەڵەسەی خۆی وەلا نا و بێ بەزەئیانە خەریکی قەتل و عام بوو . و نموونەی ئاشکرای ئەم وەحشیگەریە لە شاری سەقز ئەنجام درا . کۆماری ئیسلامی لە ترسی یەکگرتوویی بزووتنەوەی سەرانسەری کۆمەڵانی خەڵک لە گەڵ خەباتی شۆرشگێرانەی گەلی کورد , هاوکات لە گەڵ هێرش بۆ سەر کوردستان , هێرشێکی بەربلاوی هێنایە سەر دەسکەوتەکانی دیموکراتیکی شۆرشی رێبەندانی ١٣٥٧ لە سەرانسەری ئێران . دژی شۆرشی دەسەڵاتدار بە تەمای بە ئەنجام گەیاندنی ٢٨ی گەلاوێژێکیتر بوو لەو جۆرەی کە ساڵی ١٣٣٢ ( ١٩٥٣ی زائینی ) لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکا و رێژیمی شا ئەنجام درا بوو بە مەبەستی کوشتار و لە ناو بردنی رێکخراوەکانی شۆرشگێر و بنیاتەکانی دیمراتیکی خەڵکی . بەڵام ئەگەر سەرکردەکانی کودیتای سەربازی ١٣٣٢ لە هەل و مەرجی نەبوونی رێبەرایەتێکی شۆرشگێر وکۆمەڵانی خەڵکی رێک خراو , توانی بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان سەرکوت بکات و دیکتاتۆری ٢٥ ساڵەی خۆی دامەزرێنی , کۆماری ئیسلامی لە یەکەم هێرشی بەربلاوی خۆی لە گەڵ بەرگری و خۆراگری حەماسی و سەرسەختانەی کۆمەڵانی خەڵک و هێزە شۆرشگێر و خەباتگێرەکان رووبەروو بوو . سەنتەری بە تین و چەکدارانەی ئەم بەرگریە حەماسیە کوردستان بوو . رێژیم هاوکات لە گەڵ هێرش بۆ سەر کوردستان , دەستی دایە هێرش بۆ سەر بارەگای هێزەکانی شۆرشگێر و لە یەکەم هنگاودا هێرش بۆ سەر بارەگای ناوەندی رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران و هەموو گوشار و رۆژنامەی شۆرشگێری داخست . زۆرتر لە ٣٠ رۆژنامە کە تا ئەو کاتە بە شێوەیێکی ئاشکرا هەواڵەکانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک لە ئاستێکی بەربلاو بلاو دەکردنەوە و لەو نێوانەدا گوڤارەکانی رێکخراوەکانی شۆرشگێر و پێشکەوتوو قەدەغە کران و ئەو رادە کەمە رۆژنامەیێک کە بلاو بوونەوە , سانسور دەکران . سەرکردەکانی دواکەتوویی تێ دەکۆشان خوراگری قارەمانانەی گەلی کورد لە نێوان پیلانگێرێکی لە بێ دەنگی سەرکوت بکەن , بەڵام شۆرش قروڵتر لەوەی بوو کە دواکەوتووان بیری لێ دەکردن . گوڤاری (( کار )) کە لە سەروەوەی لیستەی گوڤارەکانی (( بە زەرەر )) بوو لە تیراژێکی بەربلاو و بە شێوەی نهێنی چاپ دەکرا و جنایەتەکانی پاسدارەکان و بەکرێگیراوانی رێژیم لە کوردستان بلاو دەکردەوە و رووخساری راستەقینەی دواکەوتوویی بۆ خەڵک ئاشکرا دەکرد . ئەدەبیاتی ژێر زەمینی و چالاکی نیوە نهێنی لە دەورەیێکی کورت جێ نشینی چالاکی ئاشکرا و بەربلاوی سیاسی کرا و کۆمەڵانی خەڵک بە گورینی شێوازەکانی خەباتی خۆیان , لە ئاستێکی بەربلاو دژی شەپۆلی سەرکوت راوەستان . هاوسەنگی هێزەکانی چینایەتی لە کۆمەڵگا و پوتانسیەڵی گەورەی بزووتنەوەی خەڵکی رێگرێک لە بەرانبەر رێژیم بوو تاکو بتوانێ بەم جۆرە هێرشانە خەفەخان و ترس و تۆقاندن بە سەر کۆمەڵگا داسەپێنێ و دەسکەوتەکانی دیموکراتیکی شۆرش بە شێوەیێکی ئاسان بە تالان ببات . چالاکیەکانی سیاسی لە سێبەری هێز و توانای بزووتنەوەی خەڵکی بەرە بەرە شێوازی ئاشکرای خۆی وە دەست هێنا . شکستی هێزەکانی سەربازی رێژیم لە کوردستان بە رادەیێکی گەورە بوو کە خومەینی لە رێکەوتی ٢٦ی خەزەڵوەر بە شێوەیێکی ئاشکرا ئیعترافی پێ کرد و فریوکارانە قسە لە مافەکانی مێژوویی و عادلانەی گەلی کورد دەکرد تاکو بەم شێوەیە ئیمکانات و هێزەکانی رێژیمی خۆی بۆ دەورەیێکیتر لە هێرش رێک بخات . ئەمرۆکە پاش تێ پەر بوونی ٣٢ ساڵ بە سەر ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی ( ١٩٧٩ی زائینی ) و بە دوای هێرشەکانی یەک لە دوای یەک لە هەموو کات تالان وکوشتار , و کاول کردن و ماڵ وێرانی بۆ کۆمەڵانی خەڵک بە دوا دا بووە رێژیم سەرەرای هەموو پیلانێکی گلاوی خۆی بە مەبەستی بە لارێ بردنی خەباتی گەلی کورد نەیتوانیوە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد بۆ هەتا هەتایە سەرکوت بکات و کوردستان وەک هەمیشە سەرنگەی سووری خەباتی کۆمەڵانی چەوساوە و ستەم لێکراوێکە کە بۆ وەدی هێنانی داخوازیە رەواکانیان بەرد بە بەرد , چیا بە چیا و کارگە و کارخانە و شار و دێکی کوردستانیان بۆ رێژیمی کۆنەپەرەست و داوکەوتووی کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی لە ژێر هەر ناوێک کە خۆیان هەشار دابنەوە , کردوونە گورەپانی خەبات و خۆراگری قارەمانانە , تاکو دەسەڵاتی رەشی سەرکوت و ئەشکنجە و ئیعدام و بەکرێگیراوانی بزانن لەوانەیە بە زەخت و فشاری تۆپ و تانک و هێزی سەربازی بتوانن بە سەر ناوچەکان زاڵ بن و داگیری بکەن بەڵام قەد ناتوانن ئیرادە و توانا و ویستی خەڵکێک بە مێژینەی دوور و درێژی خەبات و خۆراگری تێک بشکێنن . گەلی کورد لە ماوەی ٣٢ ساڵ خەباتی سەرسەختانە و لە شەڕ دژی یەکێک لە هارترین رێژیمەکانی سیاسی مێژووی هاوچەرخ ئاوەها ئەزموونێکی پەر لە بایەخی وە دەست هێناوە و خاوەن ئاوەها تێگەیشتن و نەریتێکی خەباتە کە هیچ هۆکارێک , تەنانەت بوونی هێزەکانی داگیرکەر و زەخت و فشاری ئەوان بە سەر ئەم خەڵکە ناتوانێ ئیرادەی ئەوان بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانیان سست و لاواز بکات .




زیندانیش زانکۆی شۆڕشە ، زیندان بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەمیشە لە لایەن هێزەکانی بێ کردەوە و بێ ئیرادە و نائومێد پەرەی پێدرێت ، گۆرەپانێکە لە گۆرەپانەکانی بەرین و بەربڵاوی خەباتی چینایەتی ، زیندان ناوەندێکە لە ناوەندەکانی خەبات دژی دەسەڵاتدارانی رێژیمی سەرمایەداری بە تەواوی و ئاشکرایی خۆی نیشان دەدات.

ئەو پەیوەندیە پڕ لە پێچ و پەنایانەی کە لە چوارچێوەی سنووڕداری زیندان حاکیمە ، قووڵایی ئەو ناوەرۆکە ئاشکرا دەکات کە ژیانی بە رواڵەت ئاسایی و بێ ئالوگۆری زیندانیی لە زنجیردا خۆی نیشان دەدات .ئەشکنجە و تازیانە هەرچی تووندتر بێت لە هەمان حاڵدا کە خۆڕاگری بەکردەوەتر دەکات ، قووڵایی ئەم ناوەرۆکەیش قووڵتر دەکاتەوە .لە جەریانی ئەم ژیانە خوێناویەدا ,خۆڕاگرێک سەر هەڵدەدات کە سەرچاوەی تێگەیشتن و کینەی چینایەتی قووڵ و لە بن نەهاتوویە . گۆرەپانەکانی چالاکی بەربڵاو لە جەریانی ئەم ژیانەبەرواڵەت سادەیە ,شۆڕشگێران و کۆمۆنیستەکانی خۆڕاگر دروست دەکات و پولا وشک دەکات .خۆڕاگری لە بەرانبەر ئەشکنجە و شێوەی پایەداری , پەیوەندی لە گەڵ زیندانیەکانی تر و رەوتەکانی تری سیاسی ، پەیوەندیەکانی ناوخۆی ئەم رەوتانە ، پەیوەندی دوولایەنەی هێزەکانی سیاسی ، پەیوەندیەکانی زیندانیانی سیاسی لە گەڵ زیندانیانی ئاسایی و غەیری سیاسی ، دەس نیشانکردنی ئەو زیندانیانەی کە بە خزمەتی رێژیم دەرهاتوون ، مەسەڵەی پەیوەندی گرتن و شێوە و شێوازەکانی جۆراوجۆری ئەو ، مەسەڵەی پەیوەندی گرتن لە گەڵ دەرەوەی زیندان , هەواڵ گیری و هەواڵ ناردن ، چاوپێکەوتن ، بازجۆیی ، دادگا ، ئەشکنجە ، هەڵسوکەوتی زیندانوانان لە گەڵ زیندانی ، شێوەی هەڵسوکەوت لە گەڵ گۆرانی هەڵسوکەوتی زیندانوانان ، تەعسیری حەتمی و حاشا هەڵنەگری هەل و مەرج و بارودۆخی کۆمەڵگا لە سەر زیندان ، وەرگرتنی تاکتیکەکانی گونجاو لە گەڵ ئالوگۆری هەلومەرج و بارودۆخی کۆمەڵگا ، ئاسۆی تاکتیکەکان ، بەرپەرچ دانەوەی تاکتیکەکانی زیندانوانان ، دارابوونی لێکدانەوەی ورد و دروست لە رووداوەکانی کۆمەڵگا و زۆر لە مەسەڵکانی سینفی و سیاسی ، ئەمانە هەموویان گۆرەپانەکانی جۆرواجۆرن کە هیچ ئەشکنجە و ئازارێک ناتوانێ بەربەستی بکات . دواکەوتووترین و وەحشی ترین حکومەتەکانی سەرمایەداری وەک کۆماری ئیسلامی تەنیا دەتوانن نە ناوەرۆک ، بەڵکو شێوەکانی ئاوا چالاکێک بگۆڕن . هەڵبەتە ئاوا پەیوەندیانەی ، خۆی بە خۆی لە سەرەتاوە هەروا و بە یەکجاری سەر هەڵ نادات .بۆ نموونە ئێمە بە یەکجاری و بەبێ هیچ پێشەکی و پرۆسەیێک لە حەرەکەت بە ناوەرۆکی ناوبراو ، شاهیدی پێکهاتنی یەکێک لە پەیوەندیەکان نابین .بەڵکو هەرکام لە وان ، چ بە تاک و چ لە پەیوەندی لە گەڵ یەکتردا ,بەرهەمی پرۆسەیێک لە حەرەکەتن ، پرۆسەیێک کە گرتنی کەسێکی شۆڕشگێر و خەباتگێر لە جەریانی ئەو قەرار دەگرێت .

لە گەڵ دەستگیری کە خۆی خاڵی گرێنگ و دەسپێکردنە لە ئاوا حەرەکەتێک ، جەریانێکی پەرە ئەستێنەرتر دروست دەبێ . بەرە بەرە فاکتورەکانی پەیوەندیەکانی دیاردەکانی زینیان لە شێوەکانی جۆراوجۆر لە هەمان سەرەتاوە لە دەوروبەری زیندانی و پەیوەندی ئەو لە گەڵ پەیوەندیەکانی نوێ پێک دێت و لە رەوتی پەرەوساندنی خۆێدا دەبێتە ژیان و خەبات لە نێوان کۆمەڵێک لە زیندانیان و بەشداری ئەوان لە پروسەیێک لە رووداوەکان و خەبات و خۆڕاگری .

تاکو ئێستا کۆمەڵێک هەڵسوکەوت کە لە لایەن زورێک لە هێزەکانی سیاسی بە نیسبەت مەسەڵەی زیندان و زیندانی سیاسی کراوە ، بە هیچ شێوەیێک وەڵامدەری پیویستیەکانی شۆڕش نەبووە . ئێمە زورتر شاهیدی قسە و باس لە سەر وەحشیگەریەکانی رێژیم لە زیندان ، ئاشکرا کردنی ئەشکنجەکانی وەحشیانەی ئینسانکوژانی کۆماری ئیسلامی ، پایەداری و خۆڕاگری زیندانیان و قارەمانەتی پڕ لە حەماسەی ئەوان بووین ، کە لە شێوە و ناوە رۆک دا لەم سنووڕە تێ نەپەڕیوە . نە ناوەرۆکی پەیوەندیەکان شێ کراوەتەوە نە هڵسو کەوتێکی تەحلیلی دیاریکراو لە گەڵ ئەم مەسەڵەیە کراوە .خۆڕاگری و پایەداری زیندانیانی سیاسی وەک جەریان و دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی داوی لێ کراوە . ئەوەی کە تاکو ئێستا لە هەڵسوکەوت کە لە گەڵ زیندانیانی سیاسی باو بووە ، دوو شێوەی هەڵسومەوتە کە لە شێوەدا جیاواز دینە بەر داو ، لە حاڵێکدا لە ناوەرۆک دا ، یەکێک دەژمێردرێن . روانگەیێک بە پرمەی گریان و شنەی خەم لە زیندان یاد دەکات و زیندان تەنیا وەک ئەشکنجەگا و شوێنێکی ترسناک دێنێتە بەرچاو کە ژیانی سیاسی وێران دەکات و بە شێوەیێک ترس دەخاتە ناو دڵی هێزەکانی خەباتگیر و شۆڕشگێر کە گوایە هەر دەسگیرێک مەرگی سیاسی بەدواوەیە . تەنیا قسەی ئەم روانگەیە ئەمەیە کە بەردەوام قسە لە ، ڕابردوو و بارودۆخی زیندانەکانی پێشوو دەکات و بە هەڵسەنگاندنێکی بێ میشکانە دا لە نێوان هەلومەرجی ئەمڕۆ و هەلومەرجی ڕابردوو ، هەموو کات بەم ئاکامە دەگات کە هەلومەرجی ئێستای زیندان ، چی تر و بە هیچ شێوەیێک هەلومەرجێکی سازندە نیە .روانگەی دووهەم زیندان وەک شوێنێک دەزانی جیا لە کۆمەڵگا و پچرانێک لە خەبات هەڵێدەسەنگێنێ کە دەبێ لە سەر ناچاری تێپەری بکەین و ئەم تێپەراندنە بە چ شێوەیێک و چۆن بێت لە لای ئەم روانگەیە گرێنگ نیە .هەڵسوکەوتی یەکەم لە بەردەوامی خەبات لە کومەڵگا دەترسێ . لە تەحمووڵی دژواری و سەختەیەکانی خەباتێکی درێژخایەن بێ توانایە . لە یاساکانی خەباتی چینایەتی تێ ناگات ، و پیویستیەکان و لایەندار بوونی ئاوا خەباتێک ناناسێ . ئەو کەسانەی کە زیندان تەنیا بە شوێنی ئەشکنجە

بەربەست دەکەن , دەیانەوێ هەرچی زووتر له دژواری و سەختی دەربازبن و ناتوانن سەختیەکان تەحموول بکەن .ترس و هەراسی ئەم ڕەوتانە له هەڵسوکەوت له گەڵ مەسەڵەی زیندان له قسەو باس کرین له سەر جیاوازی زیندانوانان و شێوەکانی ئەشکنجە و گریان و خەم له زەربەی کابڵ و تازیانەدا بەربەست دەبێتەوە . ئەوان گوایە پێان سەیرە کە زیندانوانان له بەرچی ئەشکنجە دەکەن ؟ له بەر چی ڕەفتاریان له گەڵ زیندانی خراپە !؟

ئەم ڕوانگەیە بە جێگای پەرەپێدانی وردی موقاوەمەت بەرە بە ترس و هەراس دەدات . ئینسان بیر لەوێ دەکات کە ەئشکنجە تەنیا مەسەڵەی زیندانی سیاسیە ز ئەویش بەڕادەیێک و له ڕادە بەدەر تاقەت پڕۆکێن و ترسناکە کە تەحموول کردنی مومکین نیە . ئەم ڕوانگەیە بە جێگای ئاشکرا کردنی ناوەرۆکی جینایەتکارانەی ڕێژیمی کۆماری ئسلامی ترس و هەراس تەبلیغ دەکات و پەرەی پێدەدات .بەم شێە له هەڵسوکەوتە ئەو شتەی له مێشکی ئینسان جێ دەکرێت و زیندان و ئەشکنجە لە بەر چاو دێنی و لەوێ تێدەگات , ترس و هەراس لە چالاکی خەباتگێرانە بە هێز دەکات و زیندان و ئەشکنجە لە زەینی ئینسان دەکاتە سێبەرێکی ڕەش و نگریس کە وەک سێبەری مەرگ لە سەر سەری هەر ئینسانێکی شۆڕشگێر خەریکە دەسوڕێ. خەونێکی ترسناک کە بەر بە حەرەکەتی زۆر لە ئەفرادی خەباتگێر لە شوێنەکانی کار و ژیان دەگرێ . واتە هەمان شتێک کە خواستی خۆدی ڕێژیمشە و مەبەستی ئەشکنجە کردنەکانی فاشیستی خۆڵقاندنی ئەم جۆرە ترس و هەراسەیە . بە شێوەیێک کە کۆمەلانی خەڵک هەمیشە له ترسی سەرکوتدا شەهامەتی جم و جولیان نەبێت . گوایە زیندانیان شەو ڕژدا لە ترس و دڵەڕاوکە بە خۆیان دەلەرزن و هەمیشە لە بیری ئازادی و دەرباز بوون لەم جەهەندەمەن . ڕوانگەی دووهەم بە شێوەیکی ئەساسی زیندان وەک ناوەندی خەبات نازانێ , ئەوان زیندان وەک شوێنێکی بە تەواوی جیا له کۆمەڵگا و مەسەڵەکانی گشتی خەباتی چینایەتی هەڵدەسەنگێنێ . له ڕاستی دا ئەم ڕوانگەیانە له کۆمەڵگا دا له هەڵویستێکی بە تەواوی ئۆپورتۆنیستی و هەڵپەرەستانە سەر چاوە دەگرن و لەم ڕاستایە حەرەکەت دەکەن .

زۆر سروشتیە کە کەسانێک بەم ڕوانگەیانە کاتێک دەکەونە زیندان ,بی کردەوە و پاسیڤن لە بەرانبەر مەسەڵەکانی زیندان و هەموو هەوڵ و تەقەلایان بە مەبەستی پاراستنی خۆیان و دەرباز بوونیان تەرخان دەکرێت . ئەم ڕوتانە خەڵک فێری تەسلیم و ئیعتماد کردن به زیندانوان و سازگار بوون له گەڵ هەلومەرجی خەفەت بار دەکەن .ئەم دوو بۆچوونە به نیسبەت مەسەڵەی زیندان له پێکهاتنی جەریانی خۆراگری زیندانیانی سیاسی به شێوەیەکی ئاشکرا ڕۆڵی ڕێگر و له جەریانی پاکانە کردنی زیندانیانی تەواب ڕۆڵی هاندەر و خێراکەریان هەبووە .

## پێناکەنم


**پێناکەنم...**
**تا ئەو ڕۆژەی هەژارەکان**
**مامزی خەندە ڕاو دەکەن**
**بۆ لێوی لادێ و شارەکان**
**کە ئەوەم دی ,**
**ئەوسا منیش وەکوو ئەوان ,**
**وەکوو شنەی گوڵەگەنم ,**
**وەکوو ئارەقەی ناوچەوان ,**
**لە ناخەوە پێدەکەنم .**

***

**پێناکەنم . . .**
**پێکەنینم هەرگیز نایێ**
**تا بە چاوی خۆم نەبینم ,**
**لە هەر لایێ ,**
**لافاوی ئاگرپژێنی چەوساوەکان ,**
**ڕاستبوونەوە و یاخیبوونی**
**دیل و ئەژنۆچەماوەکان**
**دەپچڕێنێ کۆت و زنجیر ,**
**ڕادەماڵێ**
**گەنجینەی خوا پێداوەکان.**
**کە ئەوەم دی**
**ئەوسا منیش , گەرم , بەتاو,**
**بەستە دەڵێم ,**
**پێدەکەنم**
**لە دیار کۆت و بەندی شکاو .**

**عەبدوڵلا پەشێو**

# ژياننامە و شيعرەكانی عەبدوڵلا پەشێو , شاعیری هاوچەرخی کوردستان




عەبدوڵلا پەشێو لە دەنگە هەمیشەئیەکان و ڕەسەنی شیعری ئەمڕۆی کوردستانە,ساڵی ١٩٤٦ی زائینی لە شاری بیرکۆت سەر بە پارێزگای هەولێری کوردستانی عێراق لە دایک بووە . پەشێو هێشتا منداڵێکی چەند ساڵان بوو کە لە گەڵ جنازەی باوکی کە لە خەباتگێرانی کورد بە دژی حکومەتی دیکتاتوری عێراق بوو , ڕووبەڕو بوو وە ئەم مەرگە کاریکەری تایبەتی هەبوو لە سەر تێڕوانین و ژیانی پەشێو دا . لە ساڵی ١٩٥٢ لە قوتابخانەی خالدیەی هەولێر دەستی بە خوێندن کرد . لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ ماوەیەک واز لە خوێندنی دەوری دەبیرستانی هێنا و دووە ڕیزی خەباتگێرانی کورد . لە ساڵی ١٩٦٦ مەدرەکی دیپلومی خۆی وەرگرت و چووە زانکۆی تەربیەت موعەلیم . لە ساڵی ١٩٦٧ یەکەمین دیو انی شیعرەکانی خۆی بەناوی فرمیسک و زام بلاو کردەوە . لە ساڵی دوایی دا دووهەمین دیوانی شیعری خۆی بە ناوی بتی شکاو لە شاری کەرکوک چاپ کری . بەلام لە هەمان ساڵدا ژیانی حیزبی و سیاسی خۆی بەلاوە نا و کاتی خۆی بۆ ئەدبیات تەرخان کرد . لە ساڵی ١٩٧٠ تا ٧٣ وەک موعەلیم کاری کری . لە ساڵی ١٩٧٣ بە هۆی سیاسیەوە و بە مەبەستی درێژەی خوێندنی چووە دەرەوەی ولات : مۆسکۆ , پۆتسدام , بەرلین , وەرشۆ , ترابلوس . پەشێو لە سەرەتاوە لە شاری ورۆنیزی مۆسکۆ نیشتەجێ بوو و لە زانکۆی ئەوێدا قفێری زمان و ئەدبیاتی ڕووسی بوو .

ئەو توانی لە ساڵی ١٩٨٣ دوکتورای زمان و ئەدبیاتی کوردی لە بەشی ڕۆژهەلات ناسی زانکۆی مۆسکۆ وەربگرێ و ئێستاش خەریکی تەدریسی ئەم زمانەیە . لە ساڵ ی ١٩٨٥ بۆ ماوەی پێنچ ساڵ لە زانکۆی لیبی بە پلەی ماموستای ئەدبیاتی تەتبیقی فێر دەکرد .پەشێو لە ساڵی ١٩٩٢ پاش خویمختاری کوردستانی عێراق گەڕایەوە بۆ کوردستان بەڵام بارودۆخەکە خراپتر لەوەی بینی کە چاوەڕوانی بوو. شەڕ و پێکدادانی حیزبەکانی کوردستانی عێراق ئەوی نائومید کری و بۆ هەمیشە خاکی کوردستانی بەجێ هێشت . لە ساڵی ١٩٩٥ تاکو ئێستا لە وڵاتی فنلاند نیشتەجێیە و زمانی موردی دەرس دەدا .

شیعری ئەو پڕە لە دیمەنەکانی بکر و هەرووەها پڕ لەو تایبەتمەندیانەی وەک ژیان , ئەوین , نیشتمان ,دووری , ئازادی , غەریبی , خەبات , یەکسانی خوازی و تریوەی ئاهەنگەکانی لە بیرکراوی سروشتی پاکی ئینسانی . زمانی شیعری ئەو وەک شاعیرانی تری هاوکاتی ئەو پڕ دەنگ و بە زەبرە و ئەو بە کەڵک وەرگرتن لەم شیوە زمانە ئەوەی کە خرپ , زاڵمانە و نا ئینسانیە دەباتە ژێر زەبرەوە . عەبدوڵلا پەشێو لە شیعرکانی ڕەنج و بێ بەشی نەتوەکەی نیشان دەدات , لەبەر ئەوەی کە شاعیرێکە بە تەواوی وەفادار بە خەڵکی خۆی . تایبەتمەندی سەرەکی شیعرەکانی ئەو لەوەی دایە کە بە پێچەوانەی شیعری شێرکو بێکەس کە زۆرتر ڕوشنفکرانە و ئیستعاریە , شیعری پەشێو هەم توێژی خوێندەوار و شیعر خوێن و هەم خەڵکی ئاسایی بە یەک ئەندازە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ , لە بەر ئەوەی کە دەنگی خەمباری مەینەتەکانی لە بیر نەکراوی ئەوانە .شیعرەکانی ئەو بریتین لە : فرمیسک و زام – بتی شکاو – شەونامەی شاعیریکی تینوو – شەوێک نیە کە لە ئێوە توڕە نەبم – دوانزە وانە بۆ منداڵان – شەوێک نیە خەونتان پێوە نەبینیم – براکوژی – بروسکە چاندن – دیوانی شیعرەکان – بەرەو زەردە پەڕ – پریسکەی عاشقێکی زگماک لە ساڵی ٢٠٠٦ دا هەموو شیعرەکانی ئەو لە دوو جلد بە ناوەکانی « پشت لە نەواو و ڕوو لە کرێوە » کە کۆشیعری ساڵانی ١٩٦٥ -١٩٧٩ بوون و هەروەها کۆمەڵە شیعری « هەسپم هەورە و ڕەکیفم چیا » کە شیعرەکانی ١٩٨٠ – ٢٠٠٦ بوو لە کوردستان چاپ و بلاو بووەتەوە.

قەڵەمەکەم چەکوچەو  
هەر پەیڤێکم بزمار  
ستەم لە هەر جێیەک بێ،  
دەیسمم وەک تەختە دار!





## دیاری کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی هەژار و چەوساوە !

گرانی و هەژاری , کەم بوونی پێداویستیەکانی گشتی قورسایی خۆی خستووتە سەر شانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتی ئێمە . ئەگەر چی لە مەودای دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی رۆژێک نەبووە کە هەژاری و چارە ڕەشی زۆرتر لە رۆژی پێش ژیانی کۆمەڵانی خەڵک ڕەش نەکاتەوە , بەڵام کاتێک کە تێکەڵ بە هەموو چەشنە سیاسەتێکی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی دژی کۆمەڵانی خەڵک دەبێت , قورسایی هەژاری و چارە رەشی بە سەر شانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش هەر چی قورس تر و تاقەت پرۆکێن تر دەکات .


شەڕخوازی و ڕووداوخوازی و سەرکوتی ناوخۆیی , دزی و تاڵان , بێکاری و بێ خانوویی , لەش فرۆشی و هەزاران نکبەتی تر , دیاری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیە بۆ خەڵکی هەژار و چەوساوە.

گرانی لە ڕادە بە دەرەی پێداویستیەکانی گشتی و زۆر بوونی بێ سنووری نرخی کەرەسەکانی پێویست بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە هەڵ و مەرجی قەیرانی ئێستا , لە هەڵ و مەرجێک کە کۆماری ئیسلامی هەموو سەرچاوەکانی داهاتی وڵات بۆ ئامانجەکانی گڵاوی رووداوخوازی و بەرین خوازی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ و کردەوەکانی سیخۆری و تیرۆریستی تەرخان دەکات و بە هەموو شێوەیێک لانی کەمی دەس رەنجی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێشیش لە دەستیان دەر دێنێ , شتێکە کە لە مەودای ٣٢ ساڵ دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی , هەر رۆژە پەرەدەستێنێ .بەڵام هۆی گرانی و هەژاری و چارەرەشی کۆمەڵانی خەڵک تەنیا ئەم یان ئەو کردەوەی رێژیم نیە , و هەموو کردەوەکانی و هەڵویستەکانی رێژیم لە چوارچێوەی درێژەدانی سیاسەتەکانی هەڵدەسەنگێندرێت . و لە یەک ووتەدا هەموو کردەوەکانی دواکەوتووانە و سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی نیونەتەوەیی درێژەی سیاسەتەکانی دواکەوتووانەی ئەوە لە بوارەکانی سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتی – فەرهەنگی و هتد ... برسیەتی و هەژاری و بێکاری ئاکامی حەتمی دەسەڵاتداریەتی سیستەمی سەرمایەداری و قەیران و تێک شکانی ئەوە . سەرمایەداری تەنیا بە سەر ئەو پەیوەندیانەی دامەزراوە کە لایەنێکی ئەو هەژاری و ماڵ وێرانی و کردنی زۆربەی هەرە زۆری ئەوان بە کرێکار پێک دێنی کە هیچ سەرمایەیێک جگە لە هێزی کاری خۆیان بۆ فرۆشتن بە سەرمایەداران لە بەرانبەر نانی بژیو و نەمر بە دەستەوە نیە و لایەنێکیتری ئەم پەیوەندیانە ئەو سەرمایەدارانەیە کە لە گەڵ دەست بە سەر داگرتنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و هەموو سامانەکانی کۆمەڵایەتی لە گەڵ بە کار هێنانی هێزی سەرکوتگەر , زۆربەی هەر زۆری کۆمەڵگا مەجبوور بە تەحموولی تاقەت پرۆکێن ترین هەڵ و مەرجەکانی چەوساندنەوە دەکەن . ڕاستی ئەمەیە کە هۆی پەرەساندنی رۆژ لە دوای رۆژی گرانی و هەژاری , بێ بەند و باری سەرمایەداران لە تاڵانی هەر چی زۆرتری دەس رەنجی چینی کرێکار و قەرەبوو کردنی بودجەکانی تەرخان کراو بۆ ئامانجەکانی سەرکوتگەرانەی سەرمایەداران بە سەر شانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشە .

گرانیو هەژاری کاتێک لە ناو دەچێ , ئەم هەموو دەرد و رەنجە کاتێک کۆتایی پێ دێت , کە دەسەڵاتی چەوسێنەرانە و ستەم کارانەی سەرمایە بە هەموو ئامرازەکانی جەهەنەمی و سەرکوت و تاڵانی ئەو لە ناو بچێت و دەسەڵاتی دیموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵک دامەزرێ , کرێکاران و زەحمەتکێشان چارە نووسی ئابووری و سیاسی خۆیان دیاری بکەن .

**ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست، رووخاندنی کۆماری ئیسلامی وەک گەورەترین پاڵپشتی سیستەمی سەرمایەداری دەسەڵاتدار لە ئێران و سەرسخت ترین دوژمنی ئازادی چینی کرێکار، و دامەزرانی کۆماری فیدراتیوی شوورایی بەجیگای ئەو، بەئەرکی خێرای خۆی دەزانێ.**


# ٥٨ هەمین ساڵی کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢
# و کاریگەریی لە سەر پەیوەندیەکانی کۆمەڵگا






بۆ ئەوەی باشتر هۆکارەکانی کودیتای سەربازی ئەمریکایی - بریتانیایی ساڵی ١٣٣٢ دژی دەوڵەتی میللی ئێران کە نوێنەری بورژوازی میللی ئێران بوو و خوازیاری پێک هێنانی هندێک ئاڵ و گۆڕ لە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و دابەش کردن لە پێکهاتی ئابووری - کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێرانی ئەو کات بوو , بدۆزینەوە , دەبێ پرۆسەی دامەزرانی سیستەمی سەرمایەداری لە ئێران و گەشە کردنی و هەروا چۆنیەتی ئەم گەشە کردنە بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە . بۆیە لەبەر ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە زنجیرەێک لە ڕووداوەکانی مێژوویی وەبەر دەگرێ کە کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢یش وەک یەکێک لە ئامرازەکانی مادی پەرەسەندنی شێوەێک لە شێوەکانی دەسەلاتی سەرمایەداریە , و کاریگەری خۆی لە سەر ڕووداوەکانی پاش خۆی بە جێ هیشتووە , پێویستە تاکو ئێمە پاش باس کردن لە سەر پرۆسەی گەشە کردنی سەرمایە داری لە ئێران و گەیشتنی حەتمی ئەو بە کودیتای سەربازی ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢ ئەم پرۆسەیە تاکو ڕووخانی یەکجاری چینی بورژوازی میللی لە ئێران وەک چینێک لە ڕەوتی ریفورمەکانی زەوی لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە لایەن بورژوازی گەورە ( کومپرادور ) و ناکۆکی لە نێوان بورژوازی کۆن و بورژوازی گەورەی کە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆی لە سەر لە ناو بردنی قازانج و بەرژەوەندی گروپێکی گەورە لە توێژەکانی هەژار و مام ناوەندی کۆمەڵگا بە هوێ ریفورمەکانی زەوی دامەزراندە بوو و دەبوایە بورژوازی کۆن یان بازاریش کە دژی دەسەڵاتی بورژوازی میللی قازانجی هاوبەشیان هەبوو و لە کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ لە گەڵ خۆی هاورێی کردە بوو بە تەواوی بکیشێتە ژێر ڕەکیفی خۆی بۆ دابەشکردنی کەرەستەکانی هاتوو کە ئەرکی هێنانیان بۆ بازاری ناوخۆ بە ئەستووی بورژوازی گەورە بوو .

هاوکات لە گەڵ گەیشتنی سەرمایەداری بە قۆناغی ئیمپریالیزم و سەیتەرەی سەرمایەی ماڵی ، زەمینەکانی گەشەکردنی شێوازی بەرهەم هێنانی بورژوایی لە ئێران ڕەخسا، ڕۆڵی ئیمپریالیزمی ڕوسیا لە باکوور و بریتانیا لە باشوور و هەروەها ناکۆکی و تێکهەڵچوونی ئەوان، بۆ زاڵ بوون بەسەر سەرچاوەکانی مەوادی خاو ، بازاری کاری هەرزان، لە قەوارە و شێوازی گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەداری لە ئیران ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو . ڕێکەوتننامەکانی ١٨٦٢-١٨٦٥-١٨٧٢-سەبارەت بە هێلەکانی تەلەگراف ١٨٨٨، جادەی خێز، ڕێکەوتننامەکانی سەبارەت بە وەرگرتنی قەرز و ئیمتیازی توتون، ئیمتیازی شیلات ( ڕاوە ماسی ) دابین کردن ( بیمە ) ، گواستنەوەی دەریایی ، زەمینی ١٩٠٠ و ١٩٠٢ گرتنی قەرزەکانی جێ متمانە لە ڕووسیا، بەلجیکا، بریتانیا و دەیان ڕێککەوتننامەی ورد و گەورەیتر لەم دەورەیەدا ، بارودۆخ و ژێرخانەکانی بوژانەوەی سەرمایەداری لە ئێران و شێواز و مەبەستەکانی ئەوی دیاری کرد . گەشە کردنی کۆمەڵگا لە فیئودالیزم ( دەربەگایەتی ) بەرەو سەرمایەداری کە لەگەڵ بەربەرەکانی دواکەوتوویی ناوخۆیی وڵات ڕووبەڕوو بوو , قۆناخەکانی زۆر دژواری تێپەر کرد لە گەڵ شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی یەک لە دوای یەک وەک شۆڕشی مەشروتەخوازی کە نەیتوانی ڕێگای بوژانەوەی سەربەخۆی ئێران لە گۆڕین بە ولاتێکی پێشکەوتووی پیشەیی بکاتەوە ، لەوی بە دواوە گەشە کردنی سەرمایەداری لە ئێران نەک بە دابین بوونی دیموکراسیەت و ئازادیە سیاسیەکان و شارستانیەت ، بەڵکو لە ڕێگای کۆبوونی دەسەڵات بە ئەنجام گەیشت .کودیتای ١٢٩٩کە بووە هۆی بە تەخت و تاج دانانی ڕەزاخان ، گەڕانەوەی وڵات بەرەو دیکتاتوریەت و کۆبوونی دەسەڵات و گەشەکردنی مودێر نیزاسیون لە کۆمەڵگا لەم چوارچێوەدا , یەکلا کردەوە . لە ژێر کاریگەری شەری جیهانی دووهەم و دەورەێک لە ئازادیە سیاسیەکانی دوای شەر ، ئیمکانی بوژانەوە و گەشەکردنی بورژوازی میللی لە ئێران پێک هات ، کە لە ڕووداوەکانی ئەم دەورەدا وەک بزووتنەوەی میللی کردنی نەوت و ڕەنگدانەوەی سیاسی هەبوو . بەڵام لەگەڵ کودێتای ٢٨ گەلاوێژی ( ١٣٣٢ ) کۆکردنەوەی پێشوی هێز دیسان و سەر لە نوێ هاتە کایەوە و ئەم جارە ئێران بە تەواوی کەوتە ژێر ڕەکیفی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە و بە هۆی موستەشارە نیزامی ، ئابووری و . . . ئەمریکایی بە ڕێوە دەچوو . لە سەر بنەمای گەشەکردنی بەرە بەرەی پەیوەندیەکانی بورژوایی لە ناوخۆیی سیستەمی نیوە دەرەبەگایەتی ئێران ، ڕێفورمەکانی زەوی و هندێک ڕێفورمی دیکە بۆ ئاسوودەیی و ئاسان کردنی تەواو زاڵ بوونی سەرمایەداری لە دەیەی چل ، بە ئەنجام گەیشت . شکستی دەرەبەگایەتی و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە مەودای دەورەی سێهەمی شکانی گەشەکردنی سەرمایەداری بە ئەنجام گەیشت ، ئەم شۆڕشە بە هۆی کۆمەڵانی ژێر دەستە نەبوو کە سیستەمی ئاغا دەرەبەگایەتیی تێک شکاند و پەیوەندیەکانی سەرمایەداریی دامەزراند ، بەڵکو بە هۆی ئەو ڕێفورمانەی کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا دیاریی کردە بوو , لە لایەن شا و حکومەتەکەی بەڕێوە دەچوو بە ئەنجام گەیشت . گەشە سەندنی سەرمایەداری لە ئێران نە بە هۆی بزوێنەری ناوخۆیی بەڵکو بۆ وەڵامدانەوە بە قەیرانی کۆ کردنەوە و زیاد کردنی سەرمایە لە گۆڕەپانی جیهانی بە



ئەنجام گەیشت . هەر بۆیە نە تەنیا فێر کردن و ئاڵ و گۆڕی سیاسی بەرەو ئازادیە دیموکراتیەکان پێک نەهات , بەڵکو لە لایەن ئابووریشەوە ، بە پاڵ دانەوە بە داهاتی نەوت ، کۆ بوونی پاوانخواری دەوڵەت وەک خۆی مایەوە . لە ڕەوتی ئەم ئاڵ و گۆڕانەی بۆرژوایی گەورە ، دەربەگایەتی بورژوا بوو بە بورژوایی مام ناوەندی ، لە ژێر چەتری کۆمپانیا و بنیاتە ماڵی و پیشەییەگەورەکان لە شارەکان و زەویەکانی میکانیزەی گەورە و پیشەسازی و کۆمپانیاکانی هاوبەشی کشت وکاڵی وهتد لادێکان یەکگرتوو بوون و جووتیاران لە روو بە روو بوونەوە لە گەڵ دامەزراندنی نوێ کە پێک دەهات ، بەرەو شارەکان دەهاتن و بەم شێوەیە پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە لادیەکانی ئێرانیش دامەزران . پێکهاتەکانی پاوانخوازی بۆروکراتیک و دواکەوتوویی دەوڵەتی وەک بەرێوبەری ڕیفورمەکان ، ئەم پرۆسەی لەگەڵ دەرد و ڕەنجی زۆر تێکەڵ کرد کە لە پێش دا بە ملیون جووتیار و هەژاری دوای پاڵاوتن لە لایەن ڕێفورمەکانی بورژوایی ، دوور خستنەویان بەرەو شارەکان پێش لەوەی کە مەجالێ تێکەڵ بوون بە سیستەمی سەرمایەداری بە دەست بهێنن لە گەڵ ئاکامەکانی نالەباری ڕێفورمەکان بە سەر ژیانی خۆیان روو بەروو بوون .دووهەم ئەوەی کە خەێرایی ڕێفورمەکان بە پاڵپشتی داهاتی نەوت ، لە چوارچێوەی دەسەلاتی سیاسی کە هیچ چەشنە ئاڵ و گۆڕێکی بنیاتی لەوێ رووی نەدا بوو هەروەها لە چوارچێوەی بنەمای چەند پێکهاتی ئێران مابوو بە هۆی ئەوەی کە لە مەودای کۆرت وردە بورژوایی کۆن و وردە بورژوایی شار خۆیان لە تەنگەژەی لە دەس دانی بەشی خۆیان بینین، لەم نێوەدا کۆمەڵێکی گەورە لە جووتیاران کە بەسەرمایەداریەوە تێکەڵ بوون و لە کارگەکان و کارخانەکان خەریکی کرێکاری بوون ، هەر چەند کە لە بۆاری بارودۆخی کۆمەلایەتی و پێوەندیان لەگەڵ ئامرازی بەرهەم هێنان ، گورانکاری پێک هاتبوو ، بەلام لە بواری فیکریەوە بیر وباوەرە ئایدئولۆژیەکان و دەروون ناسی کۆمەلایەتی کۆن مانەوە و بە وتەیەکیتر لاقێکیان لە شار و لاقێکی دێکەیان لە لادێ مابووەوە توێژەکانی فراوانی وردە بورژایی نوێ پێ بە پێ ریفورمەکانی بورژوایی لە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی نوێ ، تێکەڵ بوون و لەسەرەتاوە خوازیاری ئاکامەکانی باشی ئەو وەکو پێکهاتنی کاری نوێ ، پەرەگرتنی زانکۆکان و قوتابخانەکانی باڵا ، زیاد بوونی داهاتەکان و هیتد... بوون . بەڵام کاتێک کە پەرەسەندنی سەرمایەداری لایەنە خراپەکانی خۆی وە دەر خست، دابەزینی نرخی نەوت و توند بوونی قەیرانی ئابووری ، ئەم توێژە فراوانە کۆمەڵایەتیە بەرەو دژایەتی برد و لە کۆی ئەوانە هەل و مەرجی لە بار بۆ جووڵانەوەی گەورەی خەڵکی پێک هات و بووە هۆی ڕاپەرینی ١٣٥٧ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران .تێکۆشانی سوسیال دیموکراتیک و کۆمۆنیستی لە ئێران لە سەرەتای شۆرشی مەشروتە خوازی دەستی پێ کرد و لە ڕەوتی خەبات بۆ پێک هێنانی گروپەکانی سوسیال دیموکرات ( کە لە ژێر کاریگەری شۆرشی ١٩٠٥ رووسیادا بوون ) لە گەڵ بەرنامەیێکی بۆرژوا – دیموکراتیک بەرەو روو بوو. لەگەڵ دەسکەوتە باشەکانی سوسیال دیموکراتەکان لە شۆرشی مەشروتە خوازی و ڕاپەرینەکانی پاش ئەو بە هۆی پەرە نەستاندنی چینی کرێکار و شارەزا نەبوونی ئەم چینە لە تایبەتمەندیەکانی ئیمپریالیزم و هۆکارەکانیتر. لە بە ئەنجام گەیاندنی ڕەوڵی مێژوویی خۆی راوەستا و شکانی شۆرشی مەشروتیەت و هاتنە گۆڕی ناڵە بارێک تا پێک هێنانی حیزبی عیدالەت و بە دوای ئەودا دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیست ، چالاکیەکانی کاریگەری سوسیال دیموکراتیک لە ئێران بەرەو لاوازی رۆیشت .حیزبی عیدالەت بەرهەمی پەرەسەندنی گروپەکانی سوسیال دیموکراتیک بوو ، و لە گەڵ پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی لە رووسیا و سەرکەوتنی شۆرشی ئوکتوبەر ، حیزبی عیدالەت پەرەی ساند و بووە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرهەمی لێکدانەوە و تێکەڵاوی و پەرە ساندنی گروپەکانی سوسیال دیموکرات لە دوو باڵی سوسیال دیموکراسی و کۆمۆنیستی بوو , بە واتایکیتر بلشویزم و منشویزم . لە ژێر کاریگەری شۆرشی ئوکتوبەر ، شەپۆلەکانی نوێ ڕاپەرین وەکو پێکهاتنی دەوڵەتی ( شوورایی ) بەرەی گیلان ، دەستی پێکرد . هەڵویست بە نیسبەت ڕێککەوتنی رەزا خان – سەید زیا نەک بووەهۆی ناکۆکی لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ، بەڵکو بووە هۆی ناکۆکی لە ناوحیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتیش کە رووداوەکانی ئێرانی لە ژێر چاوەدێری گرتبوو . لە

**حیزبی توودە نەك بەرهەمی بزاڤی شۆڕشگێرانە و پەرەسەندنی ڕێکخراوە مارکسیستیەکان ، بەڵکو ئاکامێکی تایبەتی لە بارودۆخی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و هەروەها بەرهەمی کۆمەڵێك بوو لە کەسایەتی و ئەفرادی جۆر بە جۆر کە هەر کامیان خاوەن ئایدئولۆژی ، تایبەتمەندی و ناوەرۆکی چینایەتی و ئامانجی خەباتی جیاواز لە یەکتر بوون .**

> کودەتای ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢ دامەزرانی سەرلەنوێ پێکهاتنی ناوەندگرای پاوانخوازی دەوڵەتی کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرکوتی خوێناوی بزاڤی کرێکاری و پێشکەوتنخواز. بوونە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کرێکاری بۆ دەورەیکی درێژ خایەن ڕاوەستێ. سەرەرای ئەو زۆربوونی بەلاری چوونەکان و سەقامگیری بوروکراسی لە یەکێتی سۆڤیەت کاریگەری خراپی خۆی بەسەر بزاڤی کرێکاری ئێران بەجێ هێشت و ڕەوڵێکی گەورەی بینی لەشکستی بزووتنەوەی شۆرشگێڕانە و کرێکاری لەم قۆناغەدا و هەروەها خۆلقاندنی دەورەیک لە ڕاوەستان و پچرانی بیست ساڵە.

پـلـونـومـی دووهەم کە هـاوکـات لـەگـەڵ پێکهاتنی کومینترن ( ئەنترناسیونـاڵـی سێهەم ) و باسەکانی ناوخۆیی ئەو سەبـارەت بـە هەڵوێست نیسبەت بە جوولانەوە رزگاری دەرەکان و ڕەولی بورژوازی میللی لە ئەوان پێک هـاتـبـوو، تـزە ناسراوەکانی حیدەرخان پەسند کـرا و بـەکـردەوە حیزب بە دوو بۆچوون و بە بەرنامەی جیاواز دابەش بوو .

بۆرژوازی میللـی پـێ بـە پـێ وردە بـورژوازی دەوڵەمەند و توێژەکانی جـۆراوجـۆری کـۆمـەڵـگـای ڕوشنبیری ئێران کە لە بزووتنەوەی دەورانی مەشروتە خوازی بەشداریان هەبوو لە مەترسی قووڵ بوونەوەی جووڵانەوەی خەڵکی و بە مەبەستی بەشدار بوون لـە دەسەڵاتی سیاسی بە شوێن ڕەزا خان کەوتن ، لـەم کاتەدا بەشێک لە ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیـسـتـیـش کەوتنە داوی فریوکاری ئیمپریالیزمی بـریـتـانـیـا و بەکرێگیراوانی ئەوان . ئەوان ڕەزا خان وەکو کەسێکی دیموکرات و میللی چاو لێ دەکرد کە بە مەبەستی دەست هێنانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و بانگی کۆماری خوازی هاتووتە ناو گۆڕەپانی سیاسیەوە . باڵی ئۆپۆرتۆنیست ( هەل پەرست ) باوەری ئەوە بوو کـە بە بوونی دەوڵەتی ڕەزا خان بە پشتگیری پرولیتاریا و حیزبی کۆمۆنیست . نەک تـەنـیـا خـەبـات دژی ئیمپریالیزم بەرەو پێش دەچێت ، بەڵکو تـێـپـەریـنـی ئاشتی خۆازانە بەرەو سوسیالیزم بە ئەنجام دەگات .

بیر و بۆچوونێک کە لە هەمان کـات دا لـەحـیـزبـی کۆمۆنیستی سۆڤیەت پێکهاتبوو . و لە کـومـیـنـتـرن باسی لە سە ر کرا . کۆنگرەی دووهەمی حـیـزبـی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٣٠٦ ( ١٩٤٧ ) بەستـرا ، درێـژە کیشانی باسەکان لە کومینترن کە لەوێ سەبارەت بـە بزوتنەوەکانی بورژوا میللی هەڵویستـی رادیـکـالـیـان گرت، و لە لایکی دیکەوە تاج دانانی ڕەزا خـان و بوونی ئەو بە گەورەترین دەرەبەگی ئەو کات، پـەرە گرتنی سەرکوت و . . . ، بووە هـۆی سـەقـامـگـیر بوونی پێگەی کۆمۆنیستەکان لە کۆنگرە و سنوردانانیـان بـە نیـسـبـەت بـە لاری چوونەکانی ڕابردوو . حیزب لەم کاتە دا ، بە پێکهێنانی ڕێکخستنەکانی خەڵکی کرێکـاران و ڕێکخستنی تاقمەکانی حیـزبـی لـە نـاوچـەکـانـی کرێکاری ڕەولێکی زۆر گرێنگ لە ئاڵ و گـۆڕەکـانـی وڵات دەبینی . بەڵام ڕەزا شـا بـە کـۆکـردنـەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەستی دایە سەرکوتی وەحشیانـەی بزووتنەوەکانی کرێکاری و پـێـشـکـەوتـن خـواز وبـە پەسەند کردنی یاسای ڕەشی ١٣١٠ ( ١٩٣١ ) دەسـتـی دایە سەرکوتی حیزبی کۆمۆنیست و ڕێـکـخـسـتـنـە کرێکاریەکان . چالاکی کۆمۆنیستەکان تاکو ساڵی ١٣٢٠ ( ١٩٤١ ) بە تەواوی قەدەغە کرا ، ئەم کارە هاوکات بوو لە گەڵ بە لاری چوونی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت . شەری دووهەمی جیهانی و هاتنی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ ئێران ، سەرەرای کاریگەری خـراپـی ، کـاریـگـەری دیکەیشی لە پێک هاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئـێـران هەبوو . گەشە کردنی پیشەکانی ناوخۆیی لـەمـەودای ئەم دەورەیە بووە هۆی پەرەسەندن و سـەقـامـگـیر بوونی بورژوازی میللی لە لایکەوە و چینی کرێـکـار لـە لایکی دیکەوە . لەو کاتە ( ١٩٢٠ ) کە دەسـەڵاتـی ڕەزا خان سەقەت بوو ، بۆ ماوەی چەند سـاڵ کـەش و هەوایکی کراوە لە باری سیاسی خولقا کە بـووە هـۆی پێکهاتنی ئەحزاب ، یەکیەتیەکانی کرێـکـاری و پـەرە گرتنی خەباتی چینایەتی و میللی و هیتد . . . . ، لەبـەر ئاوەها باروودخێک حیزبی توودەی ئێـران دامـەزرا . حیزبی توودە نەک بەرهەمی بزاڤی شۆرشگێرانـە و پەرەسەندنی ڕێکخراوە مارکسیستیەکـان ، بـەڵـکـو ئاکامێکی تایبەتی لە باروودۆخی ناوخۆیی و نێودەوڵـەتـی و هەروەها بەرهەمی کۆمەڵێک بوو لە کەسایـەتـی و ئەفرادی جۆر بە جۆر کـە هـەر کـامـیـان خـاوەن ئایدئولوژی ، تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی چینایەتی و ئامانجی خەباتی جیاواز لە یەکتر بوون . لەوی گرێنگ تر ئەوەی کە ئەو حیزبە بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پێویستی بەرەکانی دژی فاشیستی و کاریگەری سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بۆ ئەو مەبەستە دامەزرا و پروگرامی ئەو لەسەرەتای دامەزراندنی لە پروگرامی یەکەمین گروپەکانی سوسیال دیموکراتیـش دواکـەوتـووتـر بوو . لەم قۆناخەدا حیزبی توودە بووە گـەورەتـریـن حیزبی سیاسی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست . بـەڵام بەر چاو بوونی ئایدئولوژی تێکەڵاو ، بە کار هێـنـانـی شێوازی مەتافیزیکی لـە هـەمـوو زەمـیـنـەیـەک و ڕەنگدانەوەی ئەو لە پروگرا م و تاکتیکەکان ، بـووە هۆی ئەوەی کە ڕێبەرایەتی حیزب لە بەرامبەر ڕووداو و ڕەوتەکانی ڕۆژانە بێ دەسەڵات بکرێ و بە دوایان دا بچێت . کودیتای ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢، دامـەزرانـی سەر لە نوێ پێک هاتی نـاوەنـدگـرای پـاوانـخـوازی دەوڵەتی کە هاوکات بوو لە گەڵ سەرکوتی خـوێـنـاوی بزاڤی کرێکاری و پێشکەوتن خواز ، بوونە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کرێکاری بۆ دەورەیکی درێـژ خـایـەن تووشی ڕاوەستان بێت . سەرەرای ئەو زۆر بوونی بـە لاری چوونەکان و سەقامگیری بوروکراسی لە یەکیەتی سۆڤیەت ، کاریگەری خراپی خۆی بـە سـەر بـزاڤـی کرێکاری ئێران بە جێ هێشت و ڕەوڵێـکـی گـەورەی بینی لە شکستی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و کرێـکـاری لەم قۆناخەدا و هەروەها خۆلقاندنـی دەورەیـێـک لـە ڕاوەستان و پچرانی بیست ساڵە .

تاکو کۆتایی دەیەی ٤٠ لە سەر زەمینەی ڕێفورمەکانی زەوی و زاڵ بوونی پەیوەندیەکانی سـەرمـایـەداری ، سەرەرای بوونی دیکتاتۆری ، بزووتنەوەی کـرێـکـاری درێژەی بە خەباتی خۆی دا و هـنـدێـک جـاریـش دەسکەوتی هەبوو .

# بەرز و بەرێز بێت یادی
# فیدایی شەهید
# هاوڕێ ئەحمەد
# زیبەرەم




**" ئێمە ناتوانین بە بەزەیی و ڕەحمدا ڕووبەڕرووی دوژمنانی گەل بینەوە . کەسێك کە خاوەن کینەیێکی لە بن نەهاتوو بە نیسبەت دوژمنانی گەل نەبێت ، هەرگیز ناتوانیٚ قسەیێك لە عەشق بە نیسبەت کۆمەڵانی خەڵك بکات ."**

**( هاوڕێ ئەحمەد زیبەرەم )**

بەرەبەیانی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥١ ی هەتاوی ، هاوڕێ ئەحمەد زیبەرەم خەریکی ڕێکخستنی عەمەلیاتێکی زەربەتی بوو کە لە گەڵ بەکرێگیراوانی رژیمی شا کە بۆ بەرێوەبردنی بیستەمین سالوەگەری کودیتای نەفرەت لێکراوی ٢٨ی گەلاوێژی ٣٢ لە ناو شاردا بلاو بوون ڕووبەڕوو بوو . هاوڕێ زیبەرەم زوو بە زوو لە بەکرێگیراوانی پولیس هاتە دەست و بە یەکەم تەقە بەکرێگیراوێکی کوشت . ئەگەرچی هاوڕێ زیبەرەم لە لاقەوە بریندار بوو بەڵام هەروا موقاوەمەتی کرد تا ئەوەی کە پاش لە ناو بردنی هەموو کەلوپەلەکانی خۆی بە ئاخیر فیشەك خۆی کوشت و گیانی خۆی فیدای رزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان بکات .

شاعیری گەورەی خەڵکی ئێران ئەحمەد شاملوو ، لە ژێر تەعسیری ژیان ، ڕەفتار و خەبات و مەرگی هاوڕێ ئەحمەد زیبەرەم لە ساڵی ١٣٥١ ئەم شیعری وت :

**تازەترین ڕاگەیاندراوەکان لە سایتی ڕێکخراو وەرگرن:**

www.fedayi.org

سایتی کار انلاین www.kare-online.org

پۆستی ئلکترۆنیك , کومیتەی کوردستان Kurdistan@fedayi.org

**پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو :**

webmaster@fedayi.org

*FAX:+46317792571*

## میلاد آنکه عاشقانه بر خاک مرد

نگاه کن چه فروتنانه برخاک می گسترد
آنکه نهال نازک دستانش
از عشق
خداست و پیش عصیانش
بالای جهنم
پست است
آن کو به یک آری می میرد
نه به زخم صد خنجر
مگر آنکه از تب وهن
دق کند

قلعه ای عظیم
که طلسم دروازه اش
کلام کوچک دوستی است

انکار عشق را
چنین که بر سر سختی پا سفت کرده ای
دشنه مگر
به آستین اندر
نهان کرده باشی
که عاشق
اعتراف را چنان به فریاد آمد
که وجودش همه
بانگی شد

نگاه کن
چه فروتنانه بر درگاه نجابت
به خاک می شکند
رخساره ای که توفانش
مسخ نیارست کرد
چه فروتنانه در آستانه تو به خاک می افتد
آنکه در کمرگاه دریا
دست
حلقه توانست کرد
نگاه کن
چه بزرگوارانه در پای تو سرنهاد
آنکه مرگش
میلاد پر هیاهوی هزار شهرزاده بود
نگاه کن!

**بڕووخیٚ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ,**

**دامەزریٚ کۆماری فیدراتیوی شووڕایی !**